

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**پێش‌ژمارە - ١٥ ی بەفرانبار ٢٧١٧**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

**ناسر فەتحی**

**مریەم قازی**

**ساراقوربانی (هەوراز)**

**رەحمان جەنگ**

**فەرهادساڵەحی‌فەر**

**شەرمین‌ساڵحی**

**بیژەن‌ڕەحمانی**

**هیوابەیرامی**

**سارا سادقزادە**


**تەنیا**

**ئامادەکاران:**

**ئەمیرسیراجەدین**

**ناسرفەتحی**

RAWEZHISM



## «تیا»

ئەوە دەمبەن ئیعدامم بکەن. بەڵام درۆ دەکەن، دەڵێن دەتبەین بۆ بیمارستان. دوای نۆساڵ زیندانی کێشان، ئینسان لە زیندان دا وەک حەیوانی لێ دێ. هەستی بەهێز دەبێ. بە مەرجێک ئەو هەستە کۆنتڕۆڵ بکات و گەشەی پێ بدات. تەنیایی و لەخۆدابوون وا لە حەیوانەکان دەکات هەستی پێشبینی و هەستی زەین خوێندنەوەیان بەهێز بێ. هەروەها وایان لێ دەکات چاوی ماوەڕاتەبیعەیان گەشە بکات. ئەو چاوەی بە هەڵە بەناوی چاوی خوداوە ناوبانگی دەکردووە. چاوێک کە غەیب دەبینێ و مەکان و زەمان ناناسێ. بۆ نموونە زانست بەو ئەنجامە گەیشتووە، چۆن ئێمە ئاگامان لە ژیانی نەهەنگەکان و دولفینەکان هەیە و موتالەعەیان لەسەر دەکەین؛ ئەوانیش شارەزای ئێمە و دنیای ئێمەن و دەزانن ئینسانەکان چین و ژمارەیان چەندە و شێوەیان چۆنە و خەریکی چین. نەهەنگەکان هەستی بیستنیان هێندە بەهێزە کەوا گوێیان لە هەمووشتێکی ئێمەیە، ئەوان بەو دەنگانەی لە ئێمەی دەبیستن تەسویر سازدەکەن و لە شاشەکانی زەینی خۆیاندا بەجوانی و بەڕوونی هەمووشتێک و هەموو هەڵسووکەوتێکی ئێمە دەبینن. تەنانەت خۆ کوژی نەهەنگەکان پێوەندیی بە تاوانەکانی ئینسان لەبەرابەر ئینسانەوە هەیە. بەڵام تەنیا جیاوازیی حەیوانەکان لەگەڵ ئێمە ئەوەیە، ئەوان نایانهەوێ دخاڵەت لە ژیانی ئێمەدا بکەن. ئەوان باوەڕێکی ڕاستەقینەیان بە ئازادی و سەربەستیی بوونەوەرەکان هەیە. دەنا بۆ نموونە ئەگەر نەهەنگێک پێی خۆش بێ، بە چرکەیەک لە دوورەوە دەتوانێ هەموو ئینسانەکان و بوونەوەرەکانی دیکەی دنیا بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیەوە و بیانکات بە کۆیلەی خۆی.

بەڵێ منیش ئەو هەستەم کۆنتڕۆڵ کردووە، بەهێزم کردووە. وەک هێپنۆتیزم کارێکی کارامە پەروەردەم کردووە، پەرەم پێداوە؛ وەهەڵفڕینم خستووە. عەسڵەن هیپنۆتیزم هەمان ئەو زمان و هونەرە هەستەکییەی ئینسانە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سرووشتە حەیوانییەی تێیدایە و، ئێستا سڕکراوە. ئێستا من چوار چاوم هەیە، دوانیان کوێرن، واتە تەنیا بەقەت ئینسانێکی عاددیان پێ دەبینم؛ بەڵام دوانەکەی دیکەیان شتی ماوەڕاتەبیعە و نادیاریشیان پێ دەبینم؛ لە هەموو شوێنێک. چوار گوێم هەیە، دوویان کەڕن وەک گوێچکەکانی ئینسانێکی ئاسایی، کەچی دوویەکەی دیکەیان شتی نەبیستراویشیان پێ دەبیستم؛ لە هەموو جێیەک. دوو لووتم هەیە، یەکیان گیراوە وەک ئینسانێکی مەعمولی، ئەوی دیکەیشان بۆنی شتی بێ بۆنم بۆ دێنێ؛ لە هەموو لایەکەوە. دوو ڕۆحم هەیە، یەکیان ئەوە دەیبەن بۆ پای سێدارە بۆ ئەوەی لە جەستەمی جیا بکەنەوە، کە لەڕاستیدا لیاقەتی جەستەمی نییە، ئەوەکەی دیکەشیان هاتووەتە بەر تۆوە؛ نێو جەستەی تۆوە.

ئەوە خەریکن هەڵم دەواسن. پەتەکەیان لە ملم کرد. بن پێمیان بۆش کرد. خەریکی پەلەقاژەم. دوو دەقەی دیکە ڕۆحە نالایقە ئینسانییەکەم لە جەستەم دەردەچێ و، سەرگەردان دەبێ. بەڵام تکایە ئاگات لەو ڕۆحەم بێ، کەوا دەبەر تۆم کردووە. پەروەردەی کە، هێشتا ساوایە، بەڵکوو گەورە بێ و لەگەڵ ڕۆحە حەیوانییەکەی تۆ ژیانی هاوبەش پێک بێنن و نەوەیەکی نوێی ڕۆحی بەدەسەڵات بخەنەوە.

**ناسر فەتحی**

## «شین»

قامکی ئاماژەم زوو زوو دەچووە چاومەوە؛ جارێک ئەمبەر، جارێک ئەوبەر. تێدامابووم بیبڕم؟! یان لێیگەڕێم؟! ئەگەر بمبڕیبوایە تەقەم پێ نەدەکرا؛ ئەگەریش لێیگەڕابوایەم، سیلەم پێ نەدەگیرا. ئاوا بێکار دەبووم. دوای ئەوەی زۆر بە ڕێکەوت زانیم ئەوشتە پێوەندی بەو دەنگەوە هەیە کەوا بەسەربەخۆییم داوە و قامکم دمەچێشتە بووە؛ بەپاشم ئاگربەستم لەگەڵ کرد.
قامک کە فێری گووخواردن بوو، یان دەبێ بیبڕی یان دەبێ نەهێڵی لێ ببڕێ.
دەرنجامی ئەخلاقی: "مرۆڤ کە سەربەخۆ نەبوو، گوو دەخوا دەنگ بە سەربەخۆیی دەدات!"

**ناسر فەتحی**



**Olivier Umecker**

## «کەم لەش»

ژنەکەی لەپڕ خەبەری بۆوە. کاتژمێر دووی نیوەشەو بوو، بۆ چرکەیەک بیری لەوە کردەوە بۆوا راچڵەکیوە؟ "دەنگێک لە چێشتخانەوە هات"... ئا رێک لیرەڕا مابوو، بریاربوو بچێ سەری چێشتخانە بدا و لەوێ تووشی هێندێ کێشە بێت و لەپاشان...؟ چۆنی تەواو کەم؟ هەروا کە کایەی بە پێنووسەکەی دەکرد لەژوورەکەی ڕاما. دیوێکی سێ دەر چوار، میزێک و چرایەکی موتالا، پەرتووکخانەیەکی رێک و پێک لە لای دەستی راستی دیوەکەی، پەنجەرەیەکی گەورە روو بە کێوی "قوڵقولاغ" و پەردەیەکی حەریری ناسک.

- بابە زۆرم بیرەوەری لەو فەرشە دەسکردە هەیە دەمدەیەی؟

ئەو فەرشە رەنگاورەنگەش کە دیوەکەی بۆ پڕ نەبۆوە، لەسەر دیواری لای دەستی چەپیشی سێ چوار تابلۆی رەش و سپی لە نووسەرە گەورەکانی دنیا، کافکا بە چاوە رەشەکانییەوە، تۆلستوی بە سەرورِدێنە ڤژنەکەیەوە، بەختیار عەلی بە سەرە زلەکەیەوە، قوتبەددینی سادقی بە چاوە زیتەکانییەوە.

- جا چ دەبوو وێنەیەکی منیشت لێدابا؟

رێبـواری مـێـردی ئەوەی هـاوکـات دەگەڵ خوێنـدنەوەی شـێعرەکەی بختیـار عەلی پێ گوتبوو؛ "دەمەوێ دەریا تا سـەر لێوەکانت بێنم، دەمەوێ گوڵی حەوشـەکەتان پیر نەبێ، کارێک بـکەم خـودا لـێـت زوێـر نەبـێ.... " دەی باشە کەچی؟ ؟

ئەم رستەشی وەبیر هاتەوە بەڵام دڵنیا نەبوو کە رێبوار پرسیبێی، لە راستیدا لە زۆریانی بیستبوو...

- ئەرێ لە کوێڕا مابوومەوە بڕیار بوو چ بنووسم ؟ چۆنی تەواو کەم؟ با بچێتە چێشتخانە لەوێ دزێک یان سێبەرێک یان مشکێک یان هەرچی، با یەکێک لەوانە ئەرکی چیرۆک راپەڕێنێ،

- دەی جا کە چی؟ کچێ وەرە بنوو چاوت بۆ کێ کوێر دەکەی؟


- لە کوێڕا مابوو؟ ئەها گوێی لە دەنگێک... کتووپڕ دەنگێک لە چێشخانەوە هات، نەختە ترسێکی رێنیشت، راست بۆوە بە بێدەنگێک سەندەڵێکەی کشاندەوە، ئەو سێبەرە گەورەیەی خۆی کە چرای موتالاکەی لەسەر دیوار بۆی نەخشاندبوو بە کرتەیەک کووژاندەوە هەروا کە بەراهڕەوەکەدا دەچوو بۆ لای چێشتخانەکە دووسێ جاری دیشی گوێ لە دەنگەکە بوو، بە زۆر تەڕایی گەرووی قوت دا وەک ئەوە کە شتێک بشکێ لە گەروویدا، دڵی لە ناو سیگیدا پەڕی هەڵداویشت، تا دەهات چاوی زەقتر دەبوو و هێزی ئەژنۆی کەمتر، گەیشتە کن چێشتخانەکە لە کن ئۆپێنەکە ڕاوەستا ، لە تارمایی دا کەسێک خەریکبوو بەوپەڕی تامەزرۆییەوە لە چێشتی ئەو قابڵەمەیەی دەخوارد کە شەوێ لە بیری چووبوو لە یەخچاڵی نێ، یاخودا!! بەشۆقێکی زۆر کز کە لە چرای زەرد هەڵگەڕاوی کۆڵان را بە پشت پەردەکەدا دزەی دەکردە ژوورێ شتێک بە حاڵ دەبیندرا، بوونەوەرێکی داچەماو کە لە سەر کاشی چیشتخانە دانیشتبوو و بەزۆر دمی خۆی دەگەیاندە نێو قابڵەمەکە، سەروپرچی هەتا سەر چۆکی هاتبوون دەستو لاقی بە باشی دیار نەبوو، بۆگەنیوێکی تیژ وڵاتی داگرتبوو، دەگەڵ هەموو جووڵانەوەیەکی قرچەقرچێکی لێدەهات، دم و لووتی بە باشی دیار نەبوو بەڵام جووتێک مەمکی داچۆڕاوی هەست پێکرد و بە ئەستەم دەردەکەوت کە دەبێ پیرێژنێکی برسی بێ لەپڕ قابڵەمەکەی فڕێدا وئاوڕی داوە، بڕوای بە چاوەکانی نەدەکرد، پشت سەریشی سیمای پیرەپیاوێک بوو لە شێوەی خۆی چڵکن و قژن... ئەوجار ئەو سەری بە قابڵەمەکە داگرت...

دەستی بە ئۆپێنەکە گرت خەریکبوو بە لادا بێ کە لێی وەدەنگ هات!!

ـ لە خۆڕا ئەم ژیستەم بۆ مەگرە ! بۆترس نابم و ئەتۆش قەت ترسەنۆک نەبووی...
دەنگی دەتکوت لەشوێنێکی دیکەوە دێ دەڵ وەی کە زۆر بە ئەسپایی قسەی دەکرد، دەنگی دەداوە ناقەت ترسنۆک نەبووی ئەوانەی ئێستا سەبارەت بەو ترسەت باسی دەکەی هەمووی درۆن درۆ! تۆ درۆزنێکی مەزنی و پێتوایە درۆنەکەی نابێ هههههههه... هاهاهاهاها... هههههههه دەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بۆت تەواو نابێ نا هههههههه... هاهاهاهاها... ئەو چاوانەت بۆوا زەق کردۆتەوە هەر دەڵێی قەتت نەدیوم خودا غەززەبت لێگرێ دەترسێم! ئاگام لێبوو چۆن هاتی و لە جێی خۆت ویشک هەڵاتی، چیە نامناسی؟؟ ئەمنی هەمیشە برسی و تینوو، بێدەرەتان و پڕ بەڵا و فەتا ، بێ ئەوەی سەر بە هیچ کات و شوێنێکەوە بم ، نە دەزانم بۆ هاتووم، چم بەسەر هاتووە، بڕیارە چ بکەم؟ ئاخر ە منیش دەڵێی کەسایەتی؟ سەری سووڕا و کابرا دەنگی هەڵێنا:
ـ بەم کەش و هەوا بۆگەنیو و لێڵ و نادیارە دەڵێی تێم؟ مەبەستت لەم گەمە قێزاویانە چیە؟ پیربووین بە دەس تۆوە پیر... سووڕاوە ..... پێم وانیە هیچ شتێکت بۆ تەواو بێ...پێنووسەکەی لە دەستی بەربۆوە .... ژنەکە لەپڕ خەبەری بۆوە. کاتژمێر دووی نیوە شەو بوو، بۆ چرکەیەک بیری لەوە کردەوە بۆ راچڵەکیوە؟ دەنگێک لە چیشتخانەوە هات، بەبێ وازی رووی لە دیوارەکە کرد و پەتۆکەی کێشایەسەر خۆی.....

**مریەم قازی**





Kitty Sabatier

## «ئەمنی هەموو شتزان»

کەرڕەی بەیانێ لە ماڵێ وەدەر کەوتم و لە سەرمای چوار دەرجە ژێر خاڵەوە بەرەو تەورێز بە تاقی تەنێ وەڕێکەوتم، تاق و لۆق ئەو کەسانەی پیاسەرەویان دەکرد بە تەنیشتمدا تێپەڕ دەبوون، وڵات هێشتا تەواو رووناک نەببوو و کابرای بەلەدێ بە حەوسەلە سەروچاوی داپۆشیبوو و بە خشەخش خەریکی ماڵینی شەقامەکان بوو. بارانی شەوی رابردوو لێرە و لەوێ جەغەتەی بەستبوو و چەن سەگی بەرەڵڵاش لێرە و لەوێ لە برسان دەقرووزانەوە و زۆر شتی دیکەم لەو بەیانییەدا دیت تەنیا بەم هۆیە کە تاکسی هەر نەهات. بۆنی دووکەڵێکی خۆش و تەزوویەکی سارد لێبڕاوی کردم رێک بچمە لای ئەو ئاورە خۆشەی کابرایەکی دەسفرۆش لە پەنا سیپە میوەکانی سازی کردبوو

لە تەنیشت ئاورەکەی راوەستام و چاوەڕوانی تاکسی مامەوە.

- بۆ کوێ دەچی؟

تاکسی گەیشتە سەرم و لە باتی هەموو جوابێک دوای وەی سواربووم لە پشت شیشەکەڕا بە دەست بابایم لێکرد. قەت وانەبووم دڵە خورپەیەکی سەیر دایگرتبووم ، قەت بۆخۆم بەتەنێ نەهاتبوومە تەورێز و تەنیا ئەوەندەم دەزانی لە تێرمیناڵیش ڕا دەبوو ئاژانس بگرم و پێی بچمەومەوە بەردەرکی ماڵێ. دەگەڵ سواری ئاژانس بووم وام هەست کرد ئەم چاوانەی لە ئاوێنەکەدا وەکوو چاوی شۆفیرئاژانسێک دەم دیت، دوو چاوی دیکە بوون، چاودزینەوەکانم بێفا یدەبوو وەهای لە گیر خستبووم دەتگوت جگە لەو ئاوێنەیە و ئەو جووتە چاوە ناتوانم هیچ شتێکی دیکە ببینم، بۆنی هەوای پیس و دووکەڵی ماشێن و هات و هاواری شاگرد شۆفیرەکان کە بە چەن زمان هەرای موسافیریان دەکرد هێشتا بەتەواوی نەبڕابۆوە، دەرەفتم لێهەڵێنا و خۆم گەیاندە ئەوبەری ئاوێنەکە کەچی ئاوێنەکەی دەگەڵ سوڕاندم.

- هەرە گێتی سەن خانوم؟

لەباتی هەموو شتێک کوتم رایگرە دادەبەزم و دەستم بۆلای گیرەی دەرکەکە برد، کرتەیەک هات و هەرچوار دەرکە قفڵ بوون و لەدوای ویش پێی بە گازێوە نا! لە ئاوێنەی پێش دەرکەی پێشەوە دوو ژنم دیت کە دەیانەویست بپڕنەوە ئەوبەری بەڵام رێگە یان پێ نەدەدرا. بێ ئەوەی چاوی لێبکەم لەسەرخۆ کوتم ئاغا دەچمە مەرزداران، شەقامی سەتتار خان. سەرم دەگەڵ ئەو هەمووە تابلۆ و عینوان و پڕوپاگەندەی دیکە

کە لە سەر تەواوی پانێل و دیوار و دەرک و پەنجەرەکانەوە بە پەلە بە تەنیشتمدا تێپەڕدەبوون و ئەو بۆن و هەوا سارد و ئیشکە وەژان هاتبوو، نیگای برسی و گورگانەی ئەو شۆفیرەش بەردەوام دۆخەکەی قورستر کردبوو.

بە فارسییەکی زۆر نارێک کتووپڕ دەستی کرد بە هەڕەشە!! پێیکوتم کە موسافیرێکی کوردی هەبووە بەم هۆیە کە نەیویستووە کرێی زیادی بدا لێدانێکی چاکی لە شۆفیرەکە خواردووە و دوایەش هەرچی پێیبووە لێهەستاندوە !!!! زانیم ئاوا نابێ، ئاوی گەرووم قوت دا کیفەکەم لەشانم دەرێنا و خۆم راست کردەوە و کوتم کەوابوو چەتەی جەنابت؟ زۆر بە مەتمانەوە کوتی، ئەورۆهەموو چەتەن خانم! دووبارە لێم پرسی چۆن ئەو موسافیرە کوردە دەستی نەکردەوە؟ بە تەوسەوە کوتی، کورد و دەسکردنەوە؟ ئەویش لەشاری خۆمان؟ باوەڕکە لەبەردەستم دەتکوت بێچووە پشیلەیە نەیدەوێرا هاواریش بکا، شڕ و دڕم کرد و دوایەش ئەوی لە جیرفانی دابوو دەرم هێنا پێموابێ پێنسەد هەزارێک دەبوو، قوڕبەسەرە دیاربوو قەتی پووڵ نەدیوە وای تاقەت کردبوو و لەچەن دەسرەی شڕی هاڵاندبوو هەر پێم سەیر بوو، کوتم ئەدیبۆخۆی چی لێهات؟ داشبۆردەکەی کردەوە و کارتێکی شناسایی دەرێنا و کوتی ئەوەتا کارتەکەی پێموابێ تۆپاندم، دوای وەی هیچ گیانیم نەهێشت و تاڵانم کرد، جاڵەم کردەوە نێو دوڵەکەی پەنا ئوتووبان، دوایەش کە گەڕامەوە تا چەن رۆژان دەمدیت هەر لە بنی دۆڵەکە مابۆوە، دوای سێ رۆژان دیتم هێنابوویانەوە سەرێ و ئامبوڵانسێکیش هاتبوو، خەڵک هەرکەسەی بڕێکی پووڵی ورد بە کەلاکەکەی دادەدا، ئەمنیش دابەزێم سەت مەنێکی شڕم پێدادا، کوتم جا کەلاکەکەیان بردە کوێ؟ کوتی ئێرە قەبرستانێکی لێیە، ئەوانەی کەس و کاریان نیە یان نەناسراون لەوێ دەیان نێژن، ئەمن نێوم ناوە لەحنەت ئاوا! پێش چاوم رەش ببوو لە دەروونمەوە هەڵدەچووم و دادەچووم، دەستم بردە نێو کیفەکەم، دەمانچەیەک و چەقۆیەکی گەورەی تێدابوو، بێ یەک و دوو چەقۆکەم دەرێنا و تا ئەو بزانێ چبە چییە رێک لە بن ملی را هەتا سەرشانیم دادڕی، وەک ماری لەخۆی دەخۆڕی و دەستی بە برینەکەی گرتبوو و هاوکات تورمێزێکی توندی لێدا. دستم بەسەر دمی داگرت و لێی چوومە پێشتر و هەروا بە ئارامی کوتم ئەو بەستەزمانە بێگومان کەسی نەبووە کە دوایە هەر لێیان نەپرسیوەتەوە، دەنا چۆن ئاوا تێدا دەچوو، چاوی وادەرپەڕاندبوو کە دەمکوت تازە قەت لە گلێنەکانیدا جێی نابێتەوە، بۆ جارێکی دیکە چەقۆکەم بە هەموو دەماری خۆم بە زگی داهێنا، سمێڵە زوورەکانی پەنجە نەرمەکەمی ئازا دەدا کە هەروا بەسەر دم و لوتیدا دامگرتبوو، خوێن چۆڕاوگەی بەستبووە نێو لاقەکانی و وەک چێچی لەبەردەستدم هەڵدەبەزێوە.

چەقۆکەم بە پەنجەرەکەی دا فڕێدا دەرێ و جیرفانەکانی گەڕام پێنسەد هەزار تمەنێک لە دەسرەیەکی شڕدا وا تاقەت کرابوو دەتکوت قەتی پووڵ نەدیوە. دەرم هێنا و دەرکی ماشێنەکەم کردەوە بە پێلاقەیەک فڕێمدا دەرێ. دابەزیم و بەرلەوەی لە هەڵدێرەکەڕا فرێیدەمە خوارێ دەمانچەکەشم هێنا کوتم نیگەران مەبە ئامبوڵانس هەر دەگاتە سەرت دوایە گولەیەکم لە تەپڵی سەری راکێشا... بەو تەقەیە کتوپڕ لە خەو راچەنیم، خەریکبوو وەدرەنگی دەکەوتم ئەورۆ دەبوو بچمە تەورێز. دەنگی ئاژیری ئامبوڵانس لە دوورەوە دەهات....

**مریەم قازی**

**«زیندووم»**

ئەورۆ نازانم چەن رۆژە کە سووپە میکسێر کراوەکەی دایکم ئیتر تامی هیچ نادا، ئێستا کاتژمێر لە چواری شەو تێپەڕیوە و من هەروا وەخەبەرم و جاروبار هەرای دایکم دەکەم، دایکم خەوی دێ، ماندوویە، بەڵام کە بانگی دەکەم دەسبەجێ جوابم دەداتەوە و دەڵێ گیانە هەناسە! دەڵێم دایە ئەمن مردووم؟ دایکم دەڵێ نا، نەمردووی، دیسان دەڵێم بەدی دایە مردووم ئەوەنێ دەست و لاقم ساردبوونەتەوە! دایە ئەگەر دیسان مۆڕفینم لێدەن تێکەڵی دەکەمەوە، نازانم چمە؟ نازانم بۆ وام؟ جاری وایە دەتان بینم و قسەم بۆ نا یا، دایکم بێدەنگە پێموایە خەوی لێکەوتۆتەوە، دەمەویست ئەوەی پێ بڵێم کە ئەوێ رۆژی لەدوای مۆڕفینەکە لە کەڵێنێکی لە بن پەتۆکەمدا هەموویانم دەدیت کە دایکم قەندی دەشکاند، ئەوانی دیش دەهاتن و دەچوون و زۆرم پێخۆشبوو هەستم یان لانی کەم دوو کەلیمە قسان بکەم، کەچی نەمتوانی... نا دایە نەمتوانی تەنیا دوو دڵۆپ فرمێسک جێی هەموو خۆزگەکانمی گرتەوە، دوایەش دیسان تێکەڵم کرد و پێموابوو خەریکە دەمبەن بمنێژن، بە خۆم کوت ئاگات لێیە هەروا بە سووک و ئاسانی بۆی مردی؟ کەچی دیسان ئەتۆ بووی دایە لەو مۆقەیەت راست دەکردمەوە و دەتکوت رۆڵە گیان، هەناسە هەستە نانەکەت بخۆ، دەتکوت چاوت هەڵێنە، زارت بکەوە دەی کچی خۆم، دیسان ئەو سووپەت لە زاری دەکردم بێ .. دایەگیان! هیچ شتێکم بۆ لێک نادرێتەوە، کەچی هەموو شتیش دەبینم و دەفامم، ئەوەنێ دەمزانی سووپەکە وەکجاران نیە، ئەوەنێ ئاگام لێبوو کاکم هات و کردتانە بەزم و فشە، تەنانەت ئاگام لەو فیلمەش بوو کە کابرایەک لە ئەسپەکەی دەدا و فرمێسک لە چاوی ئەسپەکەڕا دەگوازراوە نێو چاوی من بەڵام هیچکام لە ئێوە بە وەتان نەزانی کە ئەو فرمێسکانەم چۆن بە خێرایی چاوە جوانەکان و کوڵمە ناسکەکانی منییان بە جێ دەهێشت.... دایەگیان دەمەویست ئەوەی بڵێم زۆرم خۆش دەوێن، زۆرم پێخۆشە راست بمەوە و ئاسایی بمەوە و بێمەوە نێوتان، بەڵام وێدەچێ هیچتان ئەوەم لێ حاڵی نەبن و وەک هەمیشە تەنیا ئەم جێگاوبانە و سووچی ئەم دیوە و ئەو فرمێسکانەی بە پەلە جێم دێڵن هەست بە زیندوو بوونی من بکەن.... دایە گیان دەمەوێ بڵێم ئەمن مردوویەکی زیندووم کە ئیتر تام لە سووپەکەت ناکەم.

**سارا قوربانی (هەوراز)**



©James Nares 1953



Franz Kline

## «تاڵە قڕە و قرتاڵە»

چۆن نازانی بۆ بە نووکە شەق پاڵی پێوە دەنێم!!؟
چونکینێ بۆ خۆم بۆم ناخرێتە سەر کۆشم و، یەکەو دوای ئەوەش لەسەر کۆشم بۆم ڕا ناگیرێ و بە هەردووک دەستم تەگەرەکانی ئەو ترە ماشە دەسووڕێنم. ئاخر ئەوەش هەر نێوی چەرخی لە سەرەو لەشمی هەڵگرتووە دەنا خۆ پێتوایە بۆخۆی دەڕوا؟
دەبێ بە زۆری تێینووسێم بە دەستی... ئەویش وا شەق وشڕ بووە.
بیشیخەمە سەر کۆش لەو هەموو چاڵ وقووڵکەی ئێوە پێی دەڵێن شەقام وکۆڵان و ڕێڕەو، سەت شوکور بە ڕێ و بانەکەی ساڵانی خۆمان ئێستێ ئاوڕۆ بوونە قەبر بەچەرخەوە تێکەوم قووت دەدرێم.
دەی قرتاڵەش خۆ چڕنووکی نییە خۆی گیر کا، دەجا یەکێک هەر دەبێ کوللێرەم بۆ کۆ کاتەوە، ئەوە بۆیە.

سەردەمی ئێمە ئاوا نەبوو، ئەوی بە دەستی خۆت جێ بە جێت نە کردبا نەدەبوو... ئێستێ هەرچی دەیبینی دەڵێی شا، یان شاژن و شازادەن، دەڵێی کەس کار ناکات؛ هەموو ڕێک وپێک وپۆشتەو خاوێن. نا، دەبێ هەر بۆ من کار بە مانای شڕ و پەتۆری و ئارەقی ڕەش و شین دەردان و، یان لە سەرمان هەڵلەرزین بێ، ئەرێ دەنا خۆ هەموان لە من باشتر بەڕێدەچن.
کوللللەرە، هن، هن ...
وەرە بۆ، کو، هن، ها، لللللللەرە.
ئەو چەرخە سەگ تێرپاوەش هەر دەڵێی کورسییە، ئەو جیڕەجیڕەی! بەدەست لێخوورموو بەلاق قرتاڵە کوللێرە پاڵ پێونێم و باشە من دەست و لاقم ساغ بوایەن کوا حەوجێم بەوەی بوو! لەگەڵ بێ دەرەتانیم، کەس وەک من بێ ئەرک و سەر بەخۆ نییە؛ بۆ ئەولاد، بۆ حکومەت، بۆخوداش، بۆ خۆم بەو کوللێرانە بەڕێدەچم. پیری بێ دەنگی کردووم دەنا، چۆن ئاوا دەیان توانی چەند تمەنە پوڵێک بخەنە مستمەوەو لە کوللێرە فرۆشێکی گەڕۆک و بە ورە ڕا، بمکەنە پیرێژنێکی سواڵکەر!! بێ لەوەش، ئەگەر کوللێرەکانم نەفرۆشرێن و تەواو نەبن یان بە کەیفی خۆم بچم خۆ ڕۆژی دوایی پێم نافرۆشن و، ئەگەر سووک نەبن خۆ ئاوا بەوەپێش خۆ دان بۆ نیوەشەوێش ناگەمەوە. بەڵێ ماڵی پیران و پەککەوتەو کەم ئەندامان هەن بەڵام، قرتاڵە کوللێرە کە گەلێک بەشانم خۆشترە تا ئەو کۆڵەی لەوێندەرێ پێم هەڵدەگرن.
- کۆن نین دایە گیان ؟
- بەر لەوەی وەڕێکەوم لە تەندوور هاتوونە دەرێ، ئێستێ...
نازانم.
کۆنن !؟

**ڕەحمان جەنگ**



## «بۆنی گوڵە وەنەوشەکان»

چەپکە وەنەوشـەیەکی وشـک کراو لە تەنیشـت ئـاوێـنەی تـۆز لـێـکەوتـووی سـەر تـاقەکە هەڵواسـرابوو، پەردەی ژوورەکە جاروبار بە کزەی با لادەدرا و شـەماڵێکی فێنک خۆی بە تەواوی ژورەکەدا دەکرد لەم بێدەنگی نیوەشـەوەدا تەنیا چرکە چرکی کاتژمێری سـەر دیوارەکە بوو کە سـاتەکانی بە هێمنی بەڕێ دەکرد بەرانبەری تاقەکە ژنێک لە ناو جێگادا بە چەشـنێک نووسـتبوو دەت کوت سـاڵهایە مردوە تەنانەت دەنگی هەناسەشی نەدەهات، قورعانێکی بچوک لە تەنیشـت سـەرینی خەوەکەی و نووشـتویەکی پێچراو لە پەڕۆیەکی سەوز کە بە درزیلەیەک لە سـوچی شـانی کەراسـەکەی درابوو،ژنێکی نووسـتوو کە چەند مـانـگ بوو زیـاتر وەک مرۆڤێکی کـاغەزی لە نـاو چیرۆکی دوایین گێڕانەوەکانی ئەم ماڵەدا دەژیا!

لە دیوەکەی تەنیشـتی ئەم دیوە دا بە پێچەوانە چرای ژوورەکە هیشـتا نەکوژابۆوە و پیاوێک تەواوی دڵتنگیەکانی خۆی لوول دەدایە دوکەڵی جگەرەکەی، لەگەڵ هەر هەناسـەکێشـانێک دا هەزار و یەک بیر بە مێشـکیدا دەهات تەواوی خۆی لەو کـاتەی ڕا کە بیرەوەریەکـان لە زەینی مرۆڤ دا دەمیننەوە دەور دەکردەوە و لە کۆتایشدا دەهـاتەوە سـەر خـانەی یەکەم، بزەیەکی تـاڵی دەکرد..

دەزانی گیانە ئەم گوڵە وەنەوشانە لە دەسـپێکی بەهـار دا لە مـاوەیەکی کورت لەدەم جۆگەکـان دێنەدەر من هەمیشە شەیدای بۆنیانم ئەوەی کە من و تۆ لەگەڵ هـاتنی وەنەوشـەکـان بەیەک گەیشتین وای کرد وەنەوشەکان زیاتر لە پێشوو خوشەویست بن لەلام، دەی وەنەوشەکان عومریان کەمترە لە گوڵەکانی‌تر بەڵام بۆنیان تا دەسپیکی بەهـارێکی‌تر هەمیشـە دەمێنیتەوە ئـاخێکی قووڵتر لە هەموو ئاخەکانی تری هەڵکێشـا و گوێی بە دیوارەکەوە نووسـاند وەک سـێبەریکی وشک بووی دەمەوە و ئێواران...

کە مەلافەکەی سـەر دەم و چاوی لابرد پێش ئەوەی پەردەی ژوورەکە بکێشـێت شـتێک سـەرنجی ڕاکێشا چەپکێک وەنەوشـەی تازە لە ناو پەرداخە ئاوەکەی سـەر مێزی تەنیشـت تەختەکەی بزەیەکی شیرینتر لەهەموو ساتەکانی ژیـانـی کەوتە سـەر لـێـوی بە پەلە پەردەی ژوورەکەی لادا لە حەساری نەخۆشـخانەکەدا بە دوای شـتێک دەگەڕا.. چەپکە وەنەوشـەکانی لە نێو ئـاوەکە دەر هێنـان و بۆنێـک تـا دواییـن مەودای سیەکانی بڵاو بۆوە، لەبەر ئاوێنەی سەر کاسـە دەسـتشـۆریەکە چاوێکی لە خۆی کرد دەسـتێکی بەسـەر سـەرە لووسـەکەی دا هێنا ئەوەندە مەسـتی بۆنی وەنەوشـەکان ببوو کە بەتـاڵی جێگـای مەمکی چەپی کە لێکرابۆوەش نەیتوانی خەمۆکی ڕۆژەکانی پێشـووی لە ناو چاوەکانی دا دوپات کاتەوە خاولیە بچووکەکەی ناو دەسـتی وەک گرۆڵەیەک کۆکردەوە و لە ناو سوتیانەکەی پێچا مەمکەکانی وەک جاران قوت بگرە قوتتریش دەهـاتنە بەرچاو ئـاوی نـاو گوڵە وەنەوشەکانی گۆڕی و چاوێکی لەسەر کاتژمێری سەر دیواری ژوورەکە کرد بزەیەک و چاوێک لە دەرگا..

**فەرهاد ساڵەحی‌فەر**

## «پەمەیی نا سوور»

لە ناو ئێمیلە کۆنەکاندا بە دوایی ناو نیشانێک دەگەڕام کە چاوم بەو تەرحە تازانە کەوت کە وەک مۆدێل بۆت ناردبووم شۆرتێکی ژنانە لە ٦ ڕەنگی جۆراوجۆر کە دواتر زانیم کۆپیکراوی ناو ژۆرناڵێکی لانیکەم ٤٠ ساڵ لەمەوبەرە بەڵام ئەو کات تەرحەکە سەرنجیراکێشام و بە بێ دەست تێوەردان وەک خۆی دروومان.. پێشتر وەڵامی نامەکانت پۆستچی دەیهێنا و ئێستا بە ئیمێل چەند کاتژمێر دوای نووسینی نامەکانی خۆم وەڵامی تۆشم بۆ دێتەوە بۆ من ئەو چێژەی جارانی نیە تۆش نازانم..
کە ئێوارە دادەهات دڵتەنگیەکیش لە درزی دەلاقەکەوە دزەی دەکردە ژوورەکەم، دڵتەنگیەک کە جار نا جارێک بە سووڕاندنی میلی ڕادیۆیەکەم دەپەڕی و جاری واش بوو دەئالایە لقی دارخوورمالویەکەی حەوشە ! بۆ من کە تەواوی خۆم لەبەر ئەم پەنجەرەدا کۆکردبۆوە لەرینی لقی دارخورمالو لە ناو حەوزەکەدا دەبوو بە دیمەنێکی هەست بزووێن، نازانم ڕەنگە سەرقاڵی ڕۆژەکانی پڕ لە جەنجاڵی 'تاران' ئەوەندەی لە خۆم دوور کردبوومەوە کە ئێوارانە کاتی گەیشتنەوەم بۆ ماڵ بۆ چەند ساتێک فریای ئەوە دەکەوتم خۆم و ژوورەکەم و دڵتەنگیەکانم لەبەر ئەم دەلاقەتۆز لێکەوتووە دەور بکەمەوە، ڕادیۆ لانی کەم لە سمایلی هاوڕێم هاوڕێتر بوو کە لەگەڵ هاتنەوەی جاجمە دەستەچنەکەی دایکی بەسەر خۆیدا دەدا و بێ سێ و دوو خەوی لێدەکەوت بەڵام من تا درەنگان چاوم دەبڕیە لقی شۆڕبۆوەی دار خورمالووەکە و چایەکی تاڵ و پڕکردنەوەی خانەکانی جەدوەلی ناو گۆڤارەکە... دوو پیتی ؟ .... تامی خورمالوو ... گ...س... بارانیش کە دەباری لەگەڵ بۆنی گڵی دیوارەکەی بەرامبەرم و جار نا جارێک بۆنی دووکەڵی تریاکی ژوورەکەی 'غولام' دەهات ! بە پلیکانەکاندا دەچوومە سەر کە وەک هەموو جار بە گژیدابێم بەڵام لە نیوەی ڕێگادا دەنگی وشکی ویۆڵۆنەکەی هەموو شتێکی لە بیر دەبردمەوە و تەنیا لە ژێر شیروانیەکەدا ترپەی بارانم لەگەڵ ڕێچکەی دڵتەنگیەکانم ڕێکدەخستەوە..
بۆنی گۆڵەکانی ناو چارشێوی هەڵخستراوی سەر تەناف لەگەڵ تامی مزری خورمالووەکانی باران لێدراو، ئیما و ئیشارەکانی ئەو ژنە کەڕ و لاڵە و جار جارە نووزاندنێک لەگەڵ هەوڵی بۆ تێگەیاندنی مێردەکەی، غولام و ویۆڵون و پڕکردنەوەی خانەکانی ناو جەدوەل و سمایل و پرخەی لە ناو جاجمە کە و ...
باڵا خانەیەکی کۆنی دوو نەهۆمی کە نەهۆمی یەکەمی لانی کەم ١٢ وەتاغی جیا جیا و هەرکام ماڵێکی سەربەخۆ من و سمایل، سێ دانە پاکستانی، چوار ئەفغانی لە دیوێکدا، ژنێکی کەر و لاڵ و مێردەکەی، لە ژێر زەمینی حەوشەش کارگەیەکی درووستکردنی ئاوێنە و شەمعدان و چوار کەسی شومالی، حەوشەیەکی دەرندەشت و حەوزێکی دوو لەسێ بە چەند ماسی سوور و دار خوورمالویەکی پیر، ڕەنگە پیرتر لە هەمووومان 'غولام' بە ڕواڵەت موفەنگی و شارەزای ویۆڵۆن و وەستای درووستکردنی فەنەری کاسە نەمەدی سەیارە دیوەکەشی هەم جێگای حەوانە و هەمیش شوێنی کار ،تارانێک پڕ لە جەنجاڵ و باڵاخانەیەک پڕ جەنجاڵتر، وەرزی گەیشتنی خورمالووەکان و باران و دڵتەنگی بەڵام من دەلاقەیەکم هەبوو کە تەواوی ئەو دیمەنانەی وەک درا مایەکی هەڵبێت پەڵبێت نووسراو لە پێش چاوم وێنا دەکردن...
دەزانم ئێستا کە خەریکی خویندنەوەی نامەکەی منی وەک هەمیشە کە دەگەیە ئێرە نامەکە لە دەستتدا دەپووچێنیەوە و چاوەڕوانی بەشی دوهەمی نامەکەم نابی و لە دڵتا دەڵێی چاو لەو گەوجە تەنانەت ڕەستەیەکیشی بۆ من نەنووسیوە

و دیسان خەریکە چیرۆکە وەسفاویەکانی خۆی وەک نامە دەرخواردی من دەدا! تۆ دڵت ئێستاش لای سـڵاوە گەرمەکانە کە دواتر هیچ کات لە هیچ نامەیەکدا دووپاتم نەکردنەوە بۆت.. باوەڕ کە من بە دوای کەشفی هیچ شتێک نیم کە لە سووچێکی ئەم حەسارەدا ئەم دیوەم گرتووە با ئەو پەنجەرەش لە پەنجەرەی سەر هەیوانەی ماڵەکەی ئێوە بچێت! ئەسڵەن بە من چی ئەم کۆڵانە تەنگەبەرە بۆنی نارنج و خورمالووی تازە گەیشتوو دەدات ، بارانی ئێرە و ئەوێی چی ! باران هەر بارانە و تەواو بۆچی پێت وایە مرۆڤەکان کۆیلەی دەستی ڕابردووی فرێدراوی خۆیانن؟من چ کارم بە جەدوەلە نیوە چڵەکانی تۆ داوە؟ منیش وەک سمایل ئەگەر جاجمەی دەستەچنی دایکیشم نەبێت دەچمە ژێر پەتوەکەم وخۆم دەشارمەوە لە خۆم ئەرێ لە خۆم! هەمووی خەتای خۆمە کە یەکەم جار بەم کۆڵانەدا ڕابووردم ..

"تا ...توو...ت ..ی.. تاتا ت ت ت ....خب؟

تی تت تی تاا‌ا تتت تت ... دەی ؟

نا تتا ت ت تیی تااااات تت ..."

ـ سمایل داوەرە کاکە بزانە دەڵێ چی من مێشکم نایکێشی و درەنگیشمە دەبێ بڕۆم..

بەیانی بەر لەوەی زڕەی کاتژمێرە کۆک کراوەکە وەخەبەرم بێنی لە خەو هەڵدەستام و بەر لە هەموو شتێک هەڵمی شووشەکەم لادەدا خوورمالووکان هەموو چنرابوون، تەنیا دارێکی ڕووتی بێ گەڵاو سوورایی شۆرت و سووتیانە هەڵخراوەکانی سەر تەنافەکەی سووچی حەوشە شان بە شانی چارشێوە گوڵدارەکە.. ئەرێ ئەو ژنە تەواوە؟ ئەو هەموو کوڕە حازەبە لەم ماڵەدا دەژین بوا بێشەرمانە جلەکانی ژێرەوەی بە سەر تەنافدا دەدا؟ کە ئاوڕم دەدایەوە تەنیا جاجمە قەد کراوەکەی سمایل لەسەر تاقەکەبوو و دەچوومە سەر حەوزەکە و لوێچێکم ئاو بە دەم و چاومدا دەدا....

ـ ئەرێ تۆ وەڕەز نابی لەو هەموو جەدوەل حەل کردنەت پیاو؟

خەیاڵم دەپەڕی و دەرگای باڵکۆنەکەت دادەخەست و جلەکانی سەر تەنافت دێنانەوە ژوور چاوم هەر لەسەر ویترینەکە بوو

ـ ئەو پەمەییە جوانە کاکە؟

ـ نا نا ئەوەی تەنیشتی سوورە هەناریەکە..

ـ قەوارەی چەند بێ؟

ـ قەوارەی چی؟

ـ بۆ خێزانت ناوێ مەگەر نازانی قەوارەی چەندە؟

وەک سوورە هەناریەکە سوور هەڵدەگەڕام، هەر ئەمەیان باشە تەواوە.

ئێمیلێکیترم نووسی ئەرێ بەڕاست نامەکانی منت تا کۆتایی دەخوێندنەوە؟ یا...

**فەرهاد ساڵەحیفەر**



Agnes Lang

**«شیری قووتوو»**

لە دوای ماڵ گواستنەوەمان حەوتوویەکی خایاند تـا کۆمپیوتەرەکەم دامەزرانـدەوە، کە فەیس بووکەکەم کردەوە چەنـد کەسـی نوێ داوای دۆستایەتیان کردبوو و چەند پەیامی نەکراوەشم هەبوو نە نێوەکەیان ناسـیاو بوو نە وێنەکەشـان! بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو 'جوولیانا ' ناوێک بوو کە پەیامی کوردی دانابوو هەڵبەت بە پیتی لاتین نووسـیبووی "ئەرێ ئاخیری بۆت دەرکەوت کە دایکت بە شیری خۆی گەورەی کردووی یا بە شیری قووتوو؟"
"ئەرێ ئـاخیری شـیری مەمکەکـانی لێ حەڵاڵ کردی؟"
چوومە ناو پەیجەکەی لە وێنە و پۆستەکانی ورد بوومەوە کچێکی قژ زەردی کورتە بـاڵا کە گێلاسێک شەراب بە دەستەوە لەسەر موبڵێک لاقی لەسـەر لاقی دانابوو دیسـان سـەرنجمدا ناوەکەی 'جوولیانا ئەندیرسـۆن' ...بیرم بۆ هیچ نەدەچوو بەڵام ئەو ڕەسـتەیەی نووسـیبووی بۆم ئاشـنا بوو ئەوەی بەلامەوە سـەیر بوو 'دیوید نـاویکیش ڕێـک پەیـامێکی هـاوشـێوەی بۆ دانابووم خەریکی دووبارە خوێندنەوەی پەیامەکە بووم کە خێزانم چایەکی لە سـەر مێزەکەم دانا و ملی شۆر کردەوە ناو کۆمپیوتێرەکە،
ـ هاا چیە باکلاس بووی لەگەڵ کچی خاریجی چەت دەکەی!
ـ ئەدی چاوت لێیە؟ دانیشە بزانین ئەوە کێیە.
قەت ئاوا بێ منەت نەبووم داوای دۆستایەتیەکەم وەرگرت لەپڕ خێزانم گوتی،
ـ ئێیی خۆ ئەوە جەمیلە ڕەشی کچی کاک...
جوانتر سەرنجمدا ئەرێ خۆیەتی ئەی بوا گۆڕاوە ئەی لەو چەتیوەی...
لەو قسـانەدا بووم کە پەیامی بۆ ناردمەوە چۆنی چڵکن ناسیمت یان نیشانەی زیاترت بۆ هەڵدەم؟ دەترسـام شـتێک بڵێ کە تووشـی کیشـەم بکا لەگەڵ خێزانم لە ژێر مێزەکە هەر جۆریـک بوو قـامکە لاقێکم گەیـانـدە دوگمەی مۆدێمەکە و هێڵی نتم پچڕاند و ...
لەو زگەش خەلاسـیمـان هـات مـاڵەکەش دامەزرایەوە ...
دەزانی چۆن بوو کـاتی خۆی من و مەحمود و داود هەوای چوونـە خـاریج لە کەلەی دایین ١، قەرار بوو بە هەر شێوەیەک بوو بڕۆین لە تورکیا گـیـرسـایـنەوە دواتـر بـۆ بـژیـوی ژیـان لە چێشتخانەیەک بە دزی کارمان دەکرد محمود و داود لە بەشـی قاپ شـۆردن و پیواز و شـت پاککردن منیش کە کەچە ئاشـپەزیەکم دەزانی بوومە کۆمەک ئاشـپەز، بە ڕۆژ کارمان دەکرد و شـەوانەش خەریکی پلان داڕشـتن و درووسـت کردنی دۆسـیەی جوراوجۆر بووین بۆ کـاتی موسـاحبەی 'یوو ئێن' هەموومان لەسـەر ئەوە کۆک بووین کە بە قاچاخ نەڕۆین و چاوەڕێ بین ڕاسـتەوخۆ وەرگیرێین، ڕۆژێـک دیتم لەنـاو چێشـتخـانەکە بۆتە بەزم و هەڵا کـە نزیـک بوومەوە دیتم داود کە لە کاتی پیواز ورد کردن قـامکی خۆی بڕیوە بە دەسـتێکی چەقوەکەی هەڵێناوە و یەک بە خۆ دەگوڕێنی "با خوێنم بڕژێ لەسـەر کوردوسـتانی" کەسـیش نەدەوێرا لێی نزیک ببێ چووم زلەیەکم لە پاش ئەسـتۆیدا و پەڕۆیەکم لە قامکی هاڵاند،
ـ هەستە هەتیوە چڵمنە جارێ با خوێنت بەسەر ئەو پیوازانەدا نەڕژێ هەتا دەریان نەکردووین قامکی خۆت بڕیوە کوردوستانی فقیر بڵێ چی...
مەحموود کاتی خۆی دەستی لە ساچمە زەنی بابی وەردابوو و لە دەستی دەرچووبوو، سینگ و بەرۆکی دەتگوت کولێرەی ڕەشکە پێداکراوە ئەو زیرەک بوو و بەو دۆسیەی بۆخۆی دایڕشتبوو هەر زوو وەک شۆڕشگێرێک کە لە خۆپێشاندانیکی

داکۆکی لە مافی کرێکاران کە گوتبووی بریندار بووە وەرگیرا بۆ وڵاتی کانادا!. داودیش کە بە منداڵی لە تەندوور کەوتبوو گوێیەکی سووتابوو بە دۆسیەیەکی بڕیک خەست و خۆڵتر وەرگیرا بۆ وڵاتی سوێد!. من بە تەنیا مامەوە و دواتر لەگەڵ فەقێ سەعید ئاشنا بووم کە فەقیرە ٨ ساڵ بوو لێرە گیرسابۆوە، من چەندەها دۆسیەم لە میشکم دا داڕشتبوون کە دواتر هیچیانم نەهێنانە سەر کاغەز هەر جارەش لەگەڵ ماڵەوە قسەمدەکرد بابم دەیگووت هەر چۆنێک بێ برۆ بەڵام بە پێچەوانە دایکم هەموو جار دەگریا و دەیگوت ئەگەر نەیەوە "شیری ئەو مەمکانەمت لێ حەڵاڵ ناکەم!" شەوێک لە گەڵ فەقێ سەعید ڕاوێژم کرد گوتی کوڕە تۆ زۆر کەری دەچیەوە چ دەکەی؟ نیگەرانی قسەی دایکیشت مەبە من وەک ئێستا لە بیرمە کە تۆ منداڵ بووی دایکت شیری تێ نەبوو و بە شیری قووتوو گەورەی کردووی...


ـ دەی ئەوە چ ڕەبتی بە جوولیاناوە هەیە؟؟؟

کچێ جەمیلە ڕەش کاتی خۆی ڕەدوو کوڕێک کەوت کە دواتر وێڵی کرد و هەر بە سوودفە لەوێ یەکترمان دیتەوە دڵنیا بە نێوانمان نەبووە پێکەوە...

ئیستیکانە بەتاڵەکەی لەسەر مێزەکەم لابرد و لەدەم خۆیەوە بۆڵەیەکی لێهات

"بە شیری قووتوو گەورە کراوی تازە شاییم پێ نی نا"

**فەرهاد ساڵەحیفەر**



## «سێبەری دارە بێبەرەکان»

تاونەتاوێ چەند منداڵ بە قاقاکێشـــان لە بەردەممەوە ڕایان دەکرد، دەنگەکان لە ڕەگەکانی سەرمەوە سووڕیان دەخوارد. هەستم بە قورس بوونێک دەکرد. سەرم بە نیمەکەتەکەوە نابوو و دابڕابووم لەو کاتانەی بەدوایدا دەگەڕام. نادیاری و بۆشایی، دمێک بوو سێبەری دارە بێبەرەکانی پێ جێهێشتبووم.

من بووم و کۆڵانێک تا گەیشـــتن بە پیادەڕەوە قەرەباڵغەکان و خەڵکانێ کە بۆ یەکەم جار بە سەرنجەوە لێم دەڕوانین.

پیاوێک شـــەمەندەفەرەکی بە دەســـتەوەیە و منداڵێک لە سەر عەرزەکە کەوتووە؛

ڕادەوەستم پارەکەی دەدەم، مناڵەکە پێ دەکەنێ و منیش بزەیەک دەمگرێت...

ئەوە بۆ کاتژمێرێک دەچێ دڵۆپەکان دەتکێنە سەر وێنەکە و دایکم سەر لە نوێ دەیسڕێتەوە و دەیسڕێتەوە. ئەوە ئیشـــی هەر ڕۆژەی دایکمە، نازانم سەرەی سڕینی من کەی دێت...؟

کێ لە ســـەرنجڕاکێشـــی من گەیشـــتووە جگە لە خۆم و دایکم نەبێت، منیش بەردەوام لێی دەڕوانم و لە قوڵایی چاوەکانیا مەلە دەکەم.

کەمێک لەو لاترەوە سەرم لە سەر شانی بابم داناوە و پرچم بەسـەر شـانیدا بڵاو بۆتەوە. هەر دوو دەســـتم لە ملی گرێ داوە و بۆنی دەکەم چ بۆنێکی باوکانەی خۆشە...

باوەشـــم چۆڵ ببوو، بابم بۆ کێشـــانی جگەرە ڕۆشتبووە حەوشەکە و سەرەی سڕینی من هاتبوو، خۆم خزاندبووە باوەشـی دایکم و قاقام دەکێشـا، گەڕابوومەوە بۆ نێوەڕاســـتی ئەو ڕۆژەی هاوارم دەکرد:

ـ ئاییی توخودا دایە مەهێڵە هێمن لێم بدات!

ـ ئادەی کچم ئەوانە چیین؟ کچم دەفتەرەکە بدەرەوە بە کاکت، خۆم یەکێترت بۆ دەکڕم

قژی بۆنی خەنەکەی جارانی لێوە نەدەهات، دەستم دەمێکە کاڵ بووتەوە.

لە پـاڵ یەخچـاڵەکە ڕاوەســـتـابووم، و پەرداخە ئـاوەکەم لە وردە ســـەهۆڵ پڕکردبوو و هەردوو مستم قووچاندبوو، هەستم بە فێنک بوونێکی ئێگجـار خۆش دەکرد وێنەی فێنکـایی ڕۆژە پشـووەکانی بەهار و دیووەخانە گەورەکەی ماڵی بـابەگەورە. چ ژوورێکی فێنـک و خـاوێن بوو، دایەگەورە قاڵیە دەســـچنەکەی هێندە گســـک دابوو کە ساف و ڕەق ببوو. چەند سەرینێکی خڕ دانرابوو و دەفێک و چەند وێنەیە لە پیاوانێ کە نەمدەناسین لە دیووەخانەکەدا هەڵواسرابوو.

بابەگەورە کە دەفەکەی لێ دەدا دەنگی دلەرزی و منیش دڵم دەلەرزی، نەمدەزانی چ دەڵێت، بەڵام بـاش تـامـی شـــیـرە گەرمەکەی پەرداخە ڕەنگاوڕەنگەکانی دایەگەورە لە دەمما مابووەوە.

هەوا هێشـــتا تاریک بوو و دەســـتە زبرەکانی هێمنم هەســـت پێدەکرد کە لەو دیو نەردەکانەوە فرمێسکەکانی سەر گۆنامی دەسڕی.

کـاتژمێر شـــەش و هەوا بە فێنکـایی ڕۆژانی منـداڵیم نەبوو، هێنـدە ســـارد کە چەققەی ددانەکـانی دایکم ســـاڵۆنەکەی پڕ کردبوو. دوایین ڕوانینەکـانیم دەدیـت، خۆزگەکـانی لە ســـاڵۆنەکەدا جێهێشـــتبوو و جگە لە شـــەوق، پاڕانەوەیەک لە چاوەکانیدا نەبوو. غلوور و بوێر لە سەر کورسییەکە ڕاوەستابوو.

هەر کام بابۆڵەکانمان گرتبوو و بەرە و باخەکە ڕاماندەکرد، هێمن چرۆی دارەکانی دادەوەراند و بابەگەورە بە دوامان دەکەوت.

دایکم وێنەکەی منیشی زۆر جوان سڕیبووەوە...

**شەرمین ساڵحی**



**«پەتیارە»**

هەمیشە هـەمیشەبەهار، نـازانی هــەمیشە بەهار چییە؟ بۆت، بۆت دێنم جا عەونە جوانە هەر لێی مەپرسە، دایکم وتی قەزات کەوێ لە من جا پانتۆڵەکەیشمی شۆری گووم کردبوو پیایا جا، باوکم گۆچانێکی پیا کێشام وتی هەتیو پانتۆڵەکەت هەڵکێشە عەیبە جا بەشەرەفم ئەو خوێڕییە وتی ژانەکەت خۆ، ئەمجار ڕێحانەیشی دانابوو دوو، چوار تەنەکەی پڕ کردبوو. لۆیەکی هەڵکردبوو، کەواکەی دایکم ئەونە ڕەشە جا بۆی ڕێحانە ئەهات، ئەیتاشی ئەویش نازانێ ئەو دایکی هین خوایە چی بوو، هین... وەک دایکم، ئەو نازانێ براژنم، حححح حـاشا لەو ڕۆژە هەر باسی مەکە هەتیوو دەتگێم، پێڵاوەکانمی برد.
باوکەڕڕڕۆ ئازارم هەیە، باشە چ بوو خودایە...
ئەو ڕۆژە هـاتووە دەڵێ ئاخخخخ ئاخر من چی لێ کەم خودایە بە شەرەفم بەکەڵکم نایە و زلە.

وەڵڵا هەر زوو هەڵاتم لە دەستیان، زۆر بوون، دوو حەوت نە نە، پانززە پانزدە نە هەردوو دەستم قامکم ئاونە بوون، بـاوکەڕۆ ئازارم هەیە...
وتی پێپڵاووم بۆ خاس کردووی، پووڵەکەم پێ بدە. پووڵی دامێ نە، پوڵم دایە و منیش نە ئەویش نە منیش ئەویش، دامیە بەر شەق و منیش نە سێوم دایە و ئەویش گەڵا چۆنەریشم پێداو، تەماتەی پێ دام نە پێمدا و فرۆشتم جا دووهەزاریشی دامێ و سێیش هەزاریشم پێ داوۆ و تەماتەکەیشی برد، ئای باوکەڕڕڕۆ کززەی دێت نازانم نایناسم دوو کەس نۆ کەس بوون ئەوان.
هەتیو دەتگێم بە خودا وتی...
تۆ دەنگ هەتیوو، بانگ ئەدات کاتی نوێژە، دەستنوێژ نە هەمە، مامۆستا مێزەرەکەی کردە سەری و دانیشتووە. پڕ بوو هینەکە ئەویا چی پێدەڵێن ئاخخخخ ئەوانیش هاتن جا لە هینەکە لە دووکانەکە وتی هههھە بۆت دێنم جوان بڕوانە ححححح باوکەڕۆۆۆ سۆڵ و سپی و سپی و سۆڵ و چاخ و چۆڵ بوو، هههھە حەرشێتی کردووم، خەویشم نییە چی لێکردووم هەمووی داماڵی تەواو، باش بوو حەر زوو هەڵاتم.
کورە خەریک بوو بۆم بێنێ نازانی.
جا هەمیشە بەهارەکەت بۆ دێنم.
دایکم مردبوو هەمیشەبەهارەکەی خراو بوو لە بەر پەنجەرەکە دایئەنێ، دایناوە، گریام دایکم مردووە، جا دایناوبوو، هەڵیکێشابوو.
جا براژنم وتی لاچۆ با نەکێشم پیاتا بڕۆ، خاولییەکە بێنە با بتشۆم بۆگەنت کوشتمی هەتیو ئەمجار نەڕۆیتە دەرەوە.
هەمیشەبەهارەکە وشک بوو، ڕێحانەکە ڕەشە ڕێحانە، جا کلیلەکەی هەڵگرت و دابنا و یەک منداڵی لێبوو و حەوت نە دوو کەس بوون، باوکەڕۆ ئازارم هەیە...

**شەرمین ساڵحی**

## «شەوانی چوارشەممە»

شەوانی چوارشەممە دوای کاری ڕۆژانەم لەسەر تاکسـی، دەچم بۆ کافە تریای کافکا. لەوێ لە کۆڕە ئەدەبییەکەی هەفتانەی شـار دا، کیژێکی خوێندکار شـێعر دەخوێنێتەوە کە من ئاشـقی بووم. منی شۆفیری تەمەن پەنجا ساڵە تەنیا بە خاتری ئەو، دیسـان گیرۆدەی شـێعر بوومەتەوە! هەموو حەوتوویەک بۆ قـاوە خواردنەوە میوانی دەکەم و دەڵێم شـێعرێکی تـازەتم بۆ بخوێنەوە ئامین! نێویشی ئامین نییە! بەڵام من پێم خۆشە پێی بڵێم ئامین. باش دەزانێ؛ من ئاشـقی بووم؛ بۆیە ئەویش زۆر قۆشمانە پێم دەڵێ مامە!

ئامین چاوجوان ئەوینی سـەردەمی زانکۆم بوو. ئەسـبێکی کۆتێی لەخۆبایی بوو کە قەت بۆم دەستەمۆ نەبوو! بە عیشقی ئەو بووم بە شاعیر و لە سـوێی ئەویش لە شـێعر بێزار بووم و بە تریـاک موعتـاد! زانکۆم بۆ تەواو نەبوو. ئـامین پارەکە بە هۆی شێرپەنجەی مەمکەوە مرد.

ئێستاکە ئامین دیسان زیندوو بۆتەوەو پێم دەڵێ مامە کەماڵ! من شۆفیری موعتادی تاکسییەکم دووجار ئاشـقی ئامین بووم و دووجاریش بوومە شاعیر!.

**بیژەن ڕەحمانی**



## «ڕاسان»

بە ئەسـپایی سـەریم لەسـەر عەرزی دانا. دوگمەکانی کراسـەکەیم کردەوە. چاوم بەسـەر سینگی دا خشاند. دەمم لە ناو دەمی نا و دەستم لەسـەر سـینگی دانا. نێوقەدیم گرت؛ باڵنجێکم وەبن سەری دا. گوێم لە سەر سینگی دانا؛ گوێم لە لێدانی دڵی بوو.
بە ئارامی چاوی هەڵێنا. فرمێسـکێک لە چاوی هاتە خوار؛ بزەیەک لەسەر لێوی! پێشتر ڕاسانی خوێنەکەیم گرتبۆوە.

پەرەسـتارێک بۆی گێڕامەوە؛ پاش ئەوەی کە ئاشـقی نەخۆشـە شـەهیدەکەی دەبێت و لەسـەر کار دەردەکرێ!.

**بیژەن ڕەحمانی**

## «پیاوێکی ئاسایی»

بە دەنگی زەنگی موبایلەکەم وەخەبەر دێم. بێ دەنگی دەکەم و چاوان لەسەر یەک دادەنێمەوە. کاتژمێر حەوتونیوە. پەردەی ژوورەکە دادراوەتەوە. دوو پەردە لەسەر یەک. هەر بای ئەوەندە رووناکی هەیە کە بزانی لە دەرێ رۆژە. هەورە و تاو تاقە تیشکێکی بەدەرەوە نییە. راست دەبمەوە و لە قەراغی تەختەکە دەستەوئەژنۆ دادەنیشم. چاوم نووقاندووە. بیر لە هیچ ناکەمەوە و تەنیا نامهەوێ هەستم. دوو سێ خولەکێک ئاوا تێ دەپەڕێ. هەڵدەستمە پێ و بۆ لای دەرگا دەچم. خێزانم ئارام نوستووە و پەتۆی دەخۆیەوە پێچاوە. ئێستا خەون بەوەیەوە دەبینێ بۆ فراوێنێ چ سازکات.

لەبەر ئاوێنەی دەسشۆری رادەوەستم. مووی ردێنم بە حاستەم سەری وەدەر ناوە. حەوسەلەم نییە مسواکیش لێدەم. ئاوێک بە دەست و دەم و چاوم دادەکەم و دەچمە دەر. پاتۆڵێکی رەش و بلووزێکی بۆر لەبەر دەکەم و ساز دەبم. دەست لە گیرفانم دەدەم. موبایل، کلیل، کیفپوولْ، کارتەکانم؛ هەموو شتێکم هەڵگرتووە. وەدەر دەکەوم. دەڵەی شتێکم لەبیرچووە. مێشکم دەخۆی دەنووسێ. یان شتێکم لەبیرچووە یان بۆ شتێکیان راسپاردووم و وەبیرم نایەتەوە. هەستێکی زۆر ناخۆشە و دەڵەی بۆشایییەک هەیە و بۆم پڕ نابێتەوە. ئارام دەرگای دادەخەم. هەورە. سەیدی جیرانمان دووکانەکەی کردووەتەوە. دەمهەوێ چاوم بە چاوی نەکەوێ و تووشی سڵاوێی نەبم. خۆشم ناوێ و هەر وەبەر چاوم نایەت. ئەویش هەر وایە. دەڵەی حەریفی دایکیم. نێوچاوانی هەمیشە تاڵە. هەڵبەت بە جێ پارکی ئۆتۆمبێلەکەشم زۆر توورەیە و دەڵەی دە ماڵە ویدا رایدەگرم. هەر بۆیەش ناخۆشی دەوێم. چاوی لەسەرمە. سەرم هەڵدێنم و دەستی بۆ رادەدێرم. دمی پان دەکاتەوە و بە حاستەم قوونی لەسەر کورسییەکەی دەبزێوێ. دەزانم لە جیاتی سڵاو تووکم لێ دەکات. وەک براکەی چاو حیزە. هەر ئەو برایەی لەسەر ژنەحەجەمێکی گرتیان و تەقەی لە مێردەی کرد و کوشتی. دوایەش لەگەڵ ژنەی لێکرا سەنگساریان کردن. ئێستاش ئەگەر وەبیر ئەو رۆژەی دێمەوە هێڵنجم دێتێ. مێشکی بەسەر حەرزیدا بڵاو ببۆوە. کەسوکاری کابرای چەند بە رقەوە پێیان رە سەر و مێشکی کابرای دەخست.

سواری ئۆتۆمبێلەکەم دەبم و هەڵی دەکەم. زەفتەکەی هەڵدەکم. گۆرانی هەڵپەرکێیە. خورێنی بەیانی و نێو زگی بەتاڵ و گۆرانی هەڵپەرکێ، جوان یەکدی دەگرنەوە! راوەستاوم. هەر دەڵەی شتێکم لەبیرچووە.

رۆژێ چوار جاران بەو شەقامەیدا دەرۆم؛ دووجار چوون و دووجار هاتنەوە. قفڵی دوکانێ جارێک هەڵدەگرم و جارێک دایدەخەمەوە. دەرگاکەی دووجار دادەخەم و دووجار دەیکەمەوە.

ئۆتۆمبێلەکەم لە پارکینگ رادەگرم. غەفوور بەسەر پارکینگەکە رادەگا. کلیلەکانی دەدەمێ و دوو قسەی جەفەنگی لەگەڵ دەکەم و دەرۆم. کورێکی باش و ساویلکەیە. چوار پێنج ساڵ دەبێ لێرە گیرساوەتەوە. کەیفی زۆر بە ژنان دێ. باسی ژنانی بۆ بکەی شاگەشگە دەبێ. وەدەزانێ هەر ژنێکی هاتە پارکینگەکەی و بە دمی پێکەنی ئیدی ئەوە پێیخۆشە لەگەڵی جووت بێ.

بۆ لای دوکانێ دەچم. لەو مەودا دووسەت، سێسەت میترییە دەبێ پەنجا جاران دەست هەڵێنی و سڵاوێ بکەی. وەڕەز بووم ئیدی. هەڵبەت لە رۆژی هەوەڵەوە وەڕەز بووم. هەمووی لە خۆڕاییە. هەموو لە بنەوە گۆڕی بابی یەک دەگێین و ئەگە دەگەینە یەکیش دم پان


دەکەینەوە و بەقوربانی یەک دەبین. خدری دراوسێیم هەر لە هەموان سەیرترە. ئێستا دوو شەقاو دوور نەبوویەوە جنێوی خۆی دەدا و هەموو ڕۆژێ لانیکەم جارێک گوێم لە "هەی لە بابت بەم" دەبێ. جا ئەگە وەختی چاش دێ، زوو دەگاتە سەرت و دەڵێ "موهەندیس چات سازە؟". ئەو موهەندیس کوتنەی لە هەموو شتێک ناخۆشترە. ئەخە بڵێ خوێڕی، بەزاز و موهەندیس. هەڵبەت ئەمن موهەندیسم بەڵام خۆ ئەو نازانێ و وەک بە شێت زانین ئەوەی دەڵێ. کەواوپاتۆڵێکی چڵکنی لەبەر دایە و وێناچێ مانگێ دووجاران حەمامێ بکات و ئەگە قسەش دێتە نێو قسان "ئەوەی نوێژێ نەکات لە سەی پیسترە". دەزانم هەر لەگەڵ منێتی، بەڵام وە ڕووی خۆم ناهێنم. تاقەتی شەڕە قسە و سەر هێشەم نییە. لەو وەختانەدا خەریکی موبایلەکەم دەبم. خدر تەمەنی لە من زیاترە. قەتی خۆشی لە ژیانی نەدیوە. قەتیشی نەزانیوە خۆشی چییە و چۆن دەبێ، هەر لە دووڕڕا چاوی لە خەڵکی کردووە و چوون بۆخۆی پێی نەکراوە بۆ هیچ کەسیشی ناوێ و هەر لەبەر ئەوەش زۆری ڕق لە هەموو کەسە. دووسەت گنجی هەر دە نێوچاوانی دایە. لە چاوی وی هەمووکەس خەراپ و پیسە بۆخۆی نەبێ.

دەرگای دووکانێ هەڵدەگرم و وەژوور دەکەوم. دەبێ دەستێکی پێدا بێنم و خاوێنی کەمەوە. جەلێ لێی دەگەڕێم، بۆ کاتێکی دیکە.

دەچمە پشت میزەکەم دادەنیشم و موبایلەکەم بە دەستەوە دەگرم. ئینستاگرام دنیایەکی بەربڵاوە. پڕیەتی لە مێینەی لەبار و لێک و لووس.

خدرم لێ وەژوور دەکەوێ: "موهەندیس چات سازە؟" چاو لە کاتژمێر دەکەم، دەونیوە. وەختی چایە. هەڵدەستم و چاسازەکەی هەڵدەکەم. سەری جێ چایەکەی دەکەمەوە بۆ ئەوەی چای دە چادانەکەی کەم. چای تێدا نییە. چام لەبیر چووبوو.

**هیوا بەیرامی**



## «سەفەر (مانگی هەنگوین)»

کاتژمێر چواری بەیانیە، لە پاسەکە دێمە خوارێ، چەن پیاو دێن بەرەو ڕووم
- وەلیعەسر ،،،، ئازادی ،،،،،،
بایەکی فێنک خەو لە چاوم دەتارێنێ ، چەن هەنگاوێک دەڕۆم ،،،
- ببورن ئاودەست لە کام لایە ؟
چاوێکم لێدەکات و دەڕوا. وەک ئەوەی هیچی نەبیستبێ لە سەرەتای سەفەرەکەوە ، حاڵم تێک چووە . بە جێی شێو ، چاکلێتێکم خوارد . لە دوای ئەوەی گازێکم لێگرت لە ژێر نووری گڵۆپەکەی سەر سەرم بە حاڵە حاڵ بۆم خوێندرایەوە ؛ ڕێژەی چاکلێت ، سەرووی نەوەدو هەشت .
- ببورن ئاودەست لە کام لایە ؟
ئەم پیاوەش وەک ئەوەی دیکە لە سەر تا پێمەوە، چاوێکی لێ کرد و ڕۆیشت !
یانی چی ؟ مەگە ئێرە کۆیە ؟
رووسەریەکەم کێشایە پێشێ ، لە نێو پاسەکە قژم پەلکە کردبوو ، لە پێش دا لە دواوە هەڵم پێچابوو ، بەڵام نەمدەتوانی پاڵ دەمەوە و بحەسێمەوە .
بە چاوە چاوەکەم دا ، سەرنجی چەن کەسێکم ڕاکێشابوو . دڵم لە نێو دەمم دا خولی دەخوارد. لە دوورەوە تابڵوی ڕێنوێنی شوێنەکانی کارێژم دیت و بە پەلە خۆم گەیاندێ .
وەک هەمیشە ئاودەستێکی پڕ لە جەماعەت . لێرە کات مانایەکی نیە ، دووی نیوە شەو ، چواری بەیانی یا قرچەی نیوەڕۆ ، دایمە جمەی دێت . دەڵێی لە چوار قوڕنەی وڵاتەوە کۆچیان کردۆتە ئێرە .
وەک ئەوانی دیکە دەبێ سەرە بگرم تا نۆبەم بێت بۆگەنێکی تۆقێنەر ئەوەی لە مێژەوە ڕام گرتبوو ، بە هێڵنجێک دەیکات بە فشە .
- ببوورن ،،،،،، داوای لێبووردن ،،،،،
دەستێک بە سەرم دادێ و دەمبات بۆ لای دەسشۆریەکان
- بیا دخترم ، بیا ( وەرە کچی خۆم ، وەرە )
ئاو دەپرژێنێت بە سەر و چاوم دا .
- بهتری ؟ ( باشتری ؟)
سەرم هەڵدێنم چاوێک لە ئاوێنەکەی بەرامبەرم دەکەم ، لە ڕاستی دا دەترسم ڕەش و سوور و قاوەیی ، بەو پرپشکە ئاوە تێکەڵ بووبێ و دەعبایەکی تۆقێنەر ، ئەم ژنانە بخاتە پێکەنین .
- بەبە ماشاالله ، چە دختر خانم خوشکلی ، بهتری گلم ؟ ( بەبە ماشەڵڵا چ کچێکی جوانی ، باشتری گوڵم ؟ ) دەمی دەهێنێتە بن گوێم ؛ جای موندن نداری بیا پیش خودم ،،،، ( شوێنی مانەوەت نیە وەرە لای خۆم ،،، ).
بە کلینیکسێک ژێر چاو و دەم و لێوم ویشک دەکەمەوە . بە دەنگی ئەم ژنە ، ئەوانی دیکەش ئاوڕ دەدەنەوە و هەریەکەو بە جۆرێک لێم دەڕوانن
- آره خوبم ، ممنون دستتون درد نکنه ( ئەرێ باشم ، سپاس دەستان خۆش بێ )
قەڵەمێکی سووراو دەردێنم و بە لێومی دادێنم ، ڕەنگم هەڵبرووسقاوە .
لە نێو کیفەکەم وەک شێت دەگەڕێم بە دوای قەرە پووڵ دا ، ئاودەستێک نابینی ژنێکی کلۆڵی خوماری لێنەبێ بە کەشەفێکەوە . ژنە لە بری مانەوە و ژیان لەو ئاودەستە ، ئەوێ خاوێن دەکاتەوە و جەماعەتیش لە کاتی ڕۆیشتن دا ، قەرە پووڵێکی بۆ دەخەنە سەر کەشەفەکەی .
ئەوندەی دیکە دڵم پڕ دەبێ ، چاوێک لە دوامەوە دەکەم ، ئەوەی لە کیفەکەم دایە ( قەرە پووڵ ) دایدەنێم و دەردەپەڕێمە دەرێ .
کە هەتاو دەرکەوت ، ئیدی فێنکایی لەم شارە دەبڕێ . گەرما و دووکەڵی پاسەکان ، قوڕگ و چاوت دەئاخنن . دەچمە شوێنی دیاری کراو
- جلوتر روبەروی ترمینال تو یە دویست و شیش مشکی منتظرتم ،،،،،،، ( لە پێشەوە ، بەرامبەری

کارێژ ، لە نێو دووسەدوشەشێکی ڕەش دا چاوەڕێتم ،،)
دڵم دادەکەوێ ، موچوڕکێک بە ئازای ئەندامم دادێ . کە لێم دوور دە کەوێتەوە ، زەلامێکی چوار شانە ، بە جل و بەرگێکی سەرتاپێ سپی ، هەروا کە دەڕوا بە چاو ئیشارەم پێدەکات .
ون بووم ، نێوی خۆشم لە بیر چۆتەوە . من لێرە چ دەکەم ؟
لە حاستی خۆم ، لە لێواری جەدوەلی قەراغی شەقامەکە دادەنیشم . هەناسەم دەر نایات . چارشێوی ژنێک ، کە بەلام دا تێدەپەڕی ، بە سەرم دا دەکێشرێ . پێم خۆشە ئەو چارشێوە بگرم و نەیەڵم بڕوات . کە ڕۆشت وامزانی تەواوی چاوەکان لە سەر منە و دەمکێشن بۆ ئەوبەری شەقام ........
دەنگەکان هەمووی ببوە دەنگی ئەو پیاوە
ـ خانم...... خانوم.....دەربەست...میدان ئازادی... ولیعصر ...( خانم .... خاتوون .... دەربەست .... مەیدانی ئازادی ..... وەلیعەسر ..... )
پێم خۆشە بقیژێنم : لە کۆڵم بنەوە ، دێن لە دووم.....
سەرم سووڕ دەخوا و پیاوەکان وەک چەرخ و فەلەک بە دەورم دا دەسووڕێن .
ـ خانم دکتر ...... سالن شمارەی دو
وامزانی لە نێو ئەشکەوتێک دام و نێوم دەزرینگێتەوە و وەک شەپۆل دەدرێتەوە بە گوێم دا ......
ـ خانم دکتر ........... سالن شمارەی دو ....
گوڕ و تینێک دەهێنمەوە بەر خۆم ، هەڵدستمە سەر پێ و دەستێک بە سەر و سەکوتم دا دەهێنم.
ـ ماڵت نەشێوێ چت لێهات؟ تەواوی ئەم کارێژەمان سەرەو ژێر کرد.تۆ کوتت ئەوە گێشتم،،، پێم خۆشە هەر لێرە خۆم بهاومە باوەشیەوە ؛ بڕۆ، زووکە با بڕۆین لێرە
ـ چی بوە ؟ تۆ باشی ؟ من کوتم بە پاس مەیە ، ماڵت نەشێوێ دەڵێی منداڵی ، گڕوو دەگری

دەگەڕێم بۆ شتێک وەک بۆنی چارشێوەکەی دایکم ، ئارامم کاتەوە . دایکم ژنێکی سەرە ڕۆ بوو ، یانی وایان دەکوت . لەو سەردەمی گەنجی و جوانیە دا مانگی جارێک منی دێنا بۆ تاران . ئەو کات دوکتووری دڵ لە لای ئێمە نەبوو ، باوکی ڕەحمەتیشم هەر بەم دەردە ڕۆیشتبوو .
ـ دەێ خۆشگوزەرا ؟ بیرەوەریەکانی منداڵیت زیندوو بوونەوە ؟
لە تاکسی داین . هێشتا ترس و دڵەڕاوکێ لێم دوور نەکەوتۆتەوە ، دەستی دەزگیرانەکەم ئەوندە توند گرتووە کە پێی سەیرە
ـ ......... تۆ باشی ؟ ( بە خەندەوە ) ،،، هەڵنایەم مەترسە .
سەرم ناوەتە سەر شانی و ئاسمانی لێڵ و تەماوی تاران ، لە مابەینی باڵاخانە بەرزەکان ، کە سەریان بە حاڵە حاڵ لێم دیارە ، دەمخاتەوە بیری دواییین سەفەری منداڵیم .
نەخۆشخانەی دڵ ، کە ببوە ماڵی دووهەمی من .
دوای وەرگرتنی دووکتراکەم ، بووم بە ئەندامی خۆبەخشی نەخۆشخانە و لە گەڵ ئەم فریشتەیە ئاشنا بووم .
یەکەم تەجرەبەی سەفەری تەنیاییم بە ئوتووبووس و کێلانی بیرەوەریەکان ،
هێنامیە ئەم حاڵ و ڕۆژە .
بیرەوەریەکان جاری واهەیە بە جێی پێکەنین و خۆزگە ، تاڵت دەکەن و هیچکات ناتهەوێ بیریان لێ بکەیتەوە . وەک چەن کاتژمێر لەوە پێش کە بوو بە تاڵترین بیرەوەری ، لە خۆشترین کاتی ژیانم دا .
ـ سەر خەوێک بشکێنە نیو کاتژمێری دیکە دەگەینە فڕۆکەخانە . زۆر وەدوا کەوتووین .
هەستی متمانەیەکی کە لێم دوور بوو ، هێشتاش نایەڵێ بخەوم ، بەڵام چاوم وێک دێنم و بیر لە تەنیاییەکانی دایکم دەکەمەوە ........

**سارا سادقزادە**

# «ساڵەکان و ساتەکان»

پرسـیاری ناوێ بەڵام سـەگباب با تڕی لەخۆ نەچێ بڵێ هەرچووم ولەلای سـەروو دانیشـتم! دەنا خودا هەڵناگرێ پیاوە، کوڕە جا پیاو چوار شـانە نەبێ بەڕێک پان وپۆڕ و زەلام نەبێ وبەڕێک بە دم ولووت نەبێ چیە بەزاتی خودای شـاییم پێیە شـایی کوڕە کابرا لێت بپرسـێ خزمایەتیت لەگەڵ کێ کردووە؟ خۆ دەبێ لەڕووت هەڵبێ بڵێی هۆۆۆووو کەسـەم بۆتە خزم وکچم پێداون، حەح ئەو هەمۆ زانسـتەی لە کوێ بوو؟ هەتی هەر ددانەی بەحەوت ساڵان هاتووە بەشـەڕەفم پێم عەیب نەبا تا ئاودەسـتیش چووبا وهاتباوە یەک پێ لەبەری هەڵدەستام کاری وەی نیە بۆخۆی دارێکی پڕ بەر وبەرهەمە، حەک ڕەببی خودا پێی بێڵن تەماشا ئەو دوو منداڵانەی تەڵاقم کەوێ دەڵێی بەگزادەن خاوێن، عاقڵ، خوێن شیرین، لەبەردڵان ...
ئەدی ئەو دایک وبابەی حەح حەح حەح کوڕ کوڕی ئەو بابە بێ وچۆن دایکێک گەورەی کردبێ ئەمن ئەمن ئەرێ واللهی نۆکەرێی دەکەم دەی تەماشای ئەو دایکە حەک ڕوت سپی بێ یاخوا ڕۆژ هەتا ئێوارێ لەشـاخ وبەندەنان گیا وگۆڵ دێنێ و وەک پیاوان پوڵی پەیدا دەکا حەک لە ڕووحی منت کەوێ ژن، حەک قەبری مردۆکانم بی... کچی من بی ئەوە دڵم لێت خاترجەم بوو جا پشـووم دێتەوە سـەرەخۆ وحەسـامەوە زۆر عاقڵ بە حەیامان نەبەی بۆ ئەو دوو تفلانەش دایک بە دایک سەرم بڵێند کە...

٣ساڵ دوواتر

ـ کچم یاخودا بەخێرێی ئەدی ئەوە کوا منداڵەکانت ؟
ـ والله بابە گیان یەکیان نەنکی نەیهێشت بێ وئەویتر باپیری
ـ حەی لەقەبری... ئەرێ والله خەسوو وخەزوورت هەونین نا ڕۆڵە، خەزوورت بێ دەسهەڵاتە وخەسووت وەپێش خۆی دەدات بە من دەکەی ناچێوە، دەچێوە کن کێ ئەوانە بۆوەی نابن خۆتیان بۆ خەسار مەکە...

٦ساڵ دوواتر

ـ ئەگە هەتا ئەلئانیش هێشتوومە لەوێ بی سەبارەت بەو کچە ناتەواوەیە کە هەتە لاقت لە گووی چەقیوە حاڵی بووی دەنا بە سی جوزعی قوورئانێ شەرمێ دەکەم لە نێو خەڵکی بڵێم ئەو زەلامە زاوامە بەڵام ئەو کچە هێند گوناهە پیاو نازانێ بڵێ چی...

١٠ساڵ دوواتر

ـ کچ تەواوە، ناتەواوە هەردووک چاوی دەرێ گوناە مووناهم بەدڵ دانایە ئاااای کچی سەی لەسەی ئیجاد بوو چۆنت حەیا بردم چۆنت سەر شۆڕکردم چەندەم هاوار هات کچێ مەحزی ڕەزای خودای ئەوە ژنی تەڵاق داوە ئەوە دوو کوڕی هەن دەبنە گورگ کچێ دایکەکەی فێرە شاخ وبەندەنانە دەخوولێتەوە قەتم شایی پێ نەبوون ئابڕووم لە خەتەر دابوو، جارێ بابی حەک لەو پێچ وکڵاوەت کەر بەرێ ئەرێ والله گۆرانیانیشـم بۆ دەڵێ باشە خەڵک لێم دەپرسێ ئەرێ کچت داوە بەکێ؟سەرم دوو بست شۆڕە لە ڕوم هەڵنایە بڵێم والله

بابی چاوەشـــە خۆت نەجات دە نەچێوە ئامانە کۆڵەوار دەبی لەکچی گەڕێ چاوی دەرێ بەخۆی وبەدوو گورگان دەتخۆن حاڵی بووی....

ساڵێک دوواتر

ـ ئەو نووکە نووکە وفینکە فینکەت خڕکەوە ها گوێم لێنەبێتەوە دڵی خۆت تەنگ نەکەی ئەمن نەمردووم ئەوشـــانەم شـــل بێ بەویترت هەڵدەگرم کابرای ناحاڵی کچم داوەتێ وەک خەلەو خەرمانی نەیزانی بیخوا نانێکم بێ لەتێک ئی تۆیە....

٣مانگ دوواتر

ـ تەماشا قاقا وپێکەنینی کچێ خۆ نەبای پێداهاتووە نەباران ، هەرسێک تەڵاقم کەوتبێ ئەتۆ هەر لە هیچ کوێ نازانی بجووڵێیەوە، هەڵس وکەوتت بەکارنایە ئااای بابم خۆ کابرا لەخۆڕا شـــێت نەببوو ماڵم قەبرە خەتا لە کچەکەی خۆمە...

وە ئەو داســـتانەش درێژەی هەیە و حەکایەت ناتەواوە وقەلەڕەشـــەکانیش جارێ کوندن، کڕ وکەپن هەڵنافڕن...

**تەنیا**



**تێبینی:**

**خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و دارشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.**